Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.2.5

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Qaraman Haidar Rahman
qaraman.rahman@su.edu.krd.

# چالاكی رۆژنامەوانی ولیام سافیرلەبارەی سیاسەتی ئەمریكا بەرانبەر كورد(١٩٧٦-١٩٩١)

RECEIVED :30 /10/2025
ACCEPTED :07/05/ 2025
PUBLISHED : 15/04/ 2026

**قارەمان حەیدەر رەحمان/** بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق

**پوختە**

هەوڵی رۆژنامەنووسە ناودارەكانی ئەمریكا لەبارەی پرسی كورد، هەر لە نسكۆی شۆرشی كورد لە عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ تا كۆچرەوی بەكۆمەڵی خەڵكی كوردستان لە بەهاری ١٩٩١، كاریگەری ئەرێنی لەسەر گۆرینی سیاسەتی نادروستی كۆشكی سپی بەرانبەر بە كورد هەبوو . ویلیام سافیر یەكێك بوو لە نووسەرە كاریگەرەكانی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، لە ماوەی توێژینەوەدا رووماڵی پرسی كورد و شیكاری قووڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكای كرد. هەوڵەكانی بەشێك بوون لە گۆرانكاری لە هەڵوێستی حكومەتی ئەمریكادا بەرانبەر بە كورد، ئەمەش دوای پەسەندكردنی بریارنامەی ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی ١٩٩١، كە بە دامەزراندنی ناوچەی دژە فرین لە عێراقدا، پاراستنی گەلی كوردستانی مسۆگەر كرد. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چالاكی رۆژنامەوانی ولیام سافیر لەبارەی سیاسەتی ئەمریكا بەرانبەر كورد1976-1991)، لە پێشەكی و دوو تەوەر پێكهاتووە. یەكەمیان پێداچوونەوەی بە ژیانی سافیر لە بواری رۆژنامەگەریدا كردووە و دووەمیان تیشكی خستۆتە سەر هەڵوێستی سافیر لەبارەی رووداوەكانی باشووری كوردستان، لە چوارچێوەی چوار باسدا، لەوانە نسكۆی شۆرشی كورد لە ساڵی ١٩٧٥، هەروەها شۆرشی نوێی كورد و ئۆپەراسیۆنی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق لە دژی كورد لە ساڵی ١٩٨٨، و راپەرینی گەلی كورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١.

**وشە سەرەكییەكان:**
كورد،
رۆژنامە
سافیر
ئەمریكا،
نیویۆرك تایمز

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1.پێشەکی

لەدوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی١٩٧٥، بەشێک لە ڕۆژنامە جیهانییەکان، بوونە سەکۆی خستنەڕووی دۆزی کورد بەشێوەیەکی کاریگەر. دوای ئەوەی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا، ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە گواستنەوە وێنای ناڕەحەتییەکانی گەلی کورد لە عێراق، کە بەهۆی سیاسەتە توندوتیژەکانی دەسەڵاتدارانی بەغدا لە بەرانبەر داخوازییەکانی هەیانبوو بۆ بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی بە بڕیاری سیاسی لەم وڵاتە زەفت کرابوون. یەکێک لەم ڕۆژنامەنووسانە، (ولیام سافیر)ی نووسەری ستونی (وتار) بوو، لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوە، وەک بەرگریکارێکی پرسی کورد دەرکەوت و بەڕەخنە و سەرنج و تێبینییەکانی لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی نەرێنی کاربەدەستانی کۆشکی سپی بەرانبەر بەم پرسە، خزمەتی بەرچاوی بە دۆزی کورد لە عێراق کرد. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چالاکی ڕۆژنامەوانی ولیام سافیر لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر کورد 1976–1991) ئەنجامدراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** تێگەیشتنە لە هەڵوێستی ڕۆژنامەنوسانی ئەمریکا بەرانبەر بە دۆزی کورد لە عێراق.

**گرنگی توێژینەوە:** دۆزینەوەی هۆکارەکانی دروستبوونی هاوسۆزی و پشتیوانی جیهانییە بۆ دۆزی کورد.

**ئامانجی توێژینەوە:** نیشاندانی هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانە و پشتگیری ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکایە لە دۆزی کورد، سەرباری هەڵوێستە نەرێنییە سیاسییەکانی حکومەتەکەیان، بەرانبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ماوەی توێژینەوەکەدا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی و شیکاری بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی سافیر پیادە کراوە.

**سنووری توێژینەوە:** لە ڕووی جوگرافییەوە، توێژینەوەکە سنووری هەردوو وڵاتی عیراق و ئەمریکای گرتۆتەوە. لە ڕووی مێژووییشەوە، سەرەتاکەی لە قۆناغی دوای ڕووداوی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێدەکات و بە دەرچوونی بڕیاری ناوچەی دژە فڕینی ژمارە(٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە(٥ی نیسانی١٩٩١) کۆتایی دێت.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە. یەکەمیان پێداچوونەوەی بە ژیانی سافیر لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردووە و دووەمیان تیشکی خستۆتە سەر هەڵوێستی سافیر لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، لە چوارچێوەی چوار باسدا، لەوانە نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، هەروەها شۆڕشی نوێی کورد و ئۆپەراسیۆنی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨، و ڕاپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١.

**سەرچاوە سوودبەخشەکان:** لەم تویژینەوەیەدا جگە لە سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، پشت بە بابەتەکانی ولیام سافیر لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا بەستراوە، بەو هۆیەوە تەواوی ئەو ژمارانەی لەماوەی توێژینەوەکەماندا بابەتی ئەم ڕۆژنامەنووسەیان تێدا بڵاوکراوەتەوە، سوودیان لێ وەرگیراوە. سەرباری سوود وەرگرتن لە چەند توێژینەوەیەکی زانستی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ڕووسی، کە باسیان لە پەیوەندی حکومەتی ئەمریکا و سەرکردایەتی کورد کردووە، لەگەڵ ژمارەیەک سەرچاوەی دیکە وەک کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کە یەکێکیان کتێبی بەڵگەنامەییە بەناونیشانی (شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا) کە وریا ڕەحمانی ئامادەی کردووە و وەریگێڕاوە، لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە پشتی پێ بەستراوە.

## 2. پێداچوونەوەیەک بە ژیانی سافیر لە بواری ڕۆژنامەگەریدا

ویلیام سافیر (William Safire) یەکێک بووە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی ئەمریکا. لە 17ی کانونی یەکەمی ساڵی 1929 لە شاری نیویۆرک لە دایک بووە و لە بروکلین لە خێزانێکی جوو گەورە بووە، بەڕەچەڵەک کۆچبەربوون. هەرچەندە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٧–١٩٤٩) چووە زانکۆی سیراکیوز(Syracuse University) بە مەبەستی

تەواوکردنی خوێندن، کەچی نەیتوانی بڕوانامە بەدەستبێنێ، بەڵام تەواونەکردنی خوێندنەکەی، ڕێگر نەبوو لەبەردەمی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی، بەتایبەتی لە بواری نووسین و شیکارییکردنی بابەتە سیاسییەکان، دوای ئەوەی ڕێگەی خۆی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بینییەوە(309.Kohanyi, 2005,p). ئەم ڕۆژنامەنووسە لە ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٠٩، بە نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاس مرد. دوای مردنی میراتێکی دەوڵەمەندی هزری و کولتووری بەجێهێشت، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٤١-٢٠٠٩) لە ڕۆژنامە و دامەزراوە مەعریفییەکانی ئەمریکا بڵاویکردنەوە، وەک بڵاوکردنەوەی چەندین کتێبی سیاسی و زمانەوانی و ئەدەبی (2009,McFadden). سافیر بەوە ناسراوە لە بۆچوونە سیاسییەکانیدا شێوازی توند و بوێرانەی پیادە کردووە. سەرباری ئەوەش گرنگی زۆری بە زمان داوە(2009,Dowd). ئەم شێوازی نووسینەی سافیر بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە خوێنەر پیادەی کردووە، شێوازێکی کاریگەر بوو، بەو هۆیەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٧٣)، لە کۆشکی سپی بە وتارنووسی سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نیکسون-Richard Nixon (١٩٦٩-١٩٧٤) دامەزرا. دواتر لە دواڕۆژەکانی حکومڕانی نیکسون، یاداشتەکەی کە لە (٧٠٤) لاپەڕە پێکهاتبوو، بەناونیشانی ( پێش کەوتن: سەیرکردنێکی ناوەوە لە کۆشکی سپی پێش واتەرگەیت- -Before the fall : an inside view of the pre Watergate White House) بڵاوکردەوە و تیایدا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا خستەڕوو (1975 ,Safire).

سافیر لە ساڵی ١٩٧٣ وەک نووسەری ستوونی سیاسی پەیوەندی بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە کرد، لەم ڕێگەیەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی کرد( 37.Safire, April 16, 1973, p). زۆربەی بابەتەکانی بڵاویکردنەوە لە ستونەکانی بە دوو بەناونیشان دەهاتن، بەشێکی وتارەکانی لە ستونی سیاسی بە ناونیشانی (وتار- Essay) (Safire, 17.March 12, 1979,p)، بەشێکی دیکەی بەناونیشانی (لەبارەی زمانەوە- On Language) بڵاوکرانەوە(13.Safire,March30,1980,p). لەمەی دوایی بە شێوەیەکی گشتی پێداچوونەوەی بە پێشهاتەکانی زمانی ئینگلیزی و سەرچاوەی وشەکان و هەڵە باوەکان و کاریگەریی سیاسەتی لەسەر زمان شیکردەوە ( Safire , 340-45.2001,pp)

بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی سافیر بڵاویکردنەوە، تا ڕادەیەک هاریکار بوون بۆ دروستکردنی تێڕوانینێکی ئەرێنی لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، لە بارەی گرنگی و بایەخی ڕۆژنامە لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریدا، دوای ئەوەی بابەتگەلێکی گرنگی وەک پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، ئابڕوچوونەکانی گەندەڵی سیاسی و پرسی ئازادییە گشتییەکانی تێدا بڵاوکردنەوە. ئەوە لە کاتێکدا لە ستوونی زمانەکەیدا، وەک ژێدەرێک باسی دەکات، سەرکەوتوو بوو لە نزیکردنەوەی شێوەزارەکان بە خوێنەر، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر زیادبوونی هۆشیاری خوێنەران بە گرنگی زمان، وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی و دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بەرانبەر(. 2009,Davis).

سافیر سەرباری ئەو کتێبانەی لەسەر سیاسەت بڵاویکردنەوە لە نمونەی کتێبی (نقوم بوون لە سیاسەتدا)، کە لە (١٥حوزەیرانی١٩٦٤) بە قەبارەی (٢٠٢) لاپەڕە بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەری ئەمریکی مارشاڵ لوب(Marshall Loeb) ئامادەی کردبوو، ئەو کاتە لە کتێبخانەکانی نیویۆرک بە نرخی (٣،٩٥) دۆلار دەفرۆشرا، کە بۆ ئەم سەردەمە بەهایەکی بەرز بوو ( .33The New York Times, June 18, 1964, p). خاوەنی چەند کتێبێکی دیکە بوو، لە بوارەکانی ئەدەب و زمان. لە بواری ئەدەبیدا کتێبەکانی زیاتر ڕۆمان بوون، دیارترین ڕۆمانەکانیشی کتێبی( ئاشکراکردنی تەواو- Full Disclosure)، لەساڵی ١٩٧٧ بڵاوکرایەوە و تیایدا باسی لە گەندەڵی دەسەڵات و کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە کرد (2009,McFadden). هەروەها ڕۆمانێکی دیکەی بەناوی (ئازادی- Freedom) نووسی و لە ساڵی (١٩٨٧) بڵاویکردەوە، ئەمیش بابەتێکی مێژوویی بوو، لە تێڕوانینی کەسی خۆیدا، باسی لەشەڕی ناوەخۆی ئەمریکا کرد. ئەم ڕۆمانە لە پرفرۆشترین کتێبەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا بوو. ڕۆمانەکانی دیکەشی وەک سیخوڕی خەوتوو (Sleeper Spy) لەساڵی١٩٩٥، ئابڕووچوون(Scandalminger) لەساڵی (٢٠٠٠) بڵاوکردنەوە. جگە لەوەی (١٥)کتێبی دیکەی لەسەر زمان بڵاوکرایەوە، لە نمونەی کتێبی (زمانی نوێی سیاسەت-The New Language of Politics) و (فەرهەنگی سیاسی سافیر- Safire's Political Dictionary)، کە لە (٨٦٢) لاپەڕە پێکهات. ئەم کتێبەی دوایی، بە

کتێبێکی گشتگیر دادەنرێ لە شیکردنەوەی دەستەواژە سیاسییەکان (15.Safire, 2008,p). ئەوە سەرباری کتێبەکانی دیکەی، کە بە ناونیشانی جۆراوجۆر هاتوون، وەک (تەقینەوەی پەیوەندییەکان The Relations Explosion) کە لەساڵی١٩٦٣ و (وشەی باش چییە؟ What's the Good Word؟) لەساڵی (١٩٨٢) و (ئامۆژگاری باش- Good Advice) لە ساڵی١٩٨٢ و (زیاتر لەبارەی زمانMore on Language) لە ساڵی ١٩٨٨ و چەندانی دیکەی بڵاوکردنەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سافیر دەیان وتاری بەناوبانگی شیکاری لەسەر زمان لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکاندا بڵاوکردەوە، وەک (زمانی سیاسیەکان) یان (هونەری ونبوو لە وتاری سیاسی)، کە تیایدا باسی لە پەیوەندی نێوان زمان و سیاسەت کرد (The New York Times, Nov .15 ,2004). بەو هۆیەوە سافیر لەتەمەنی خۆیدا چەند خەڵاتێکی بایەخداری پێبەخشرا، لەمانەش (١٧ی نیسانی ١٩٧٨) خەڵاتی پولیتزەر (Pulitzer Prize)(١) ی بەهۆی ستوونە سیاسییەکانییەوە بەدەستهێنا، کە لەم سەردەمەدا بەرزترین خەڵات بوو، لە بواری ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکا(1.Kihss, April 18, 1978,p).

یەکێک لەم تەوەر و بابەتانەی لەنێو بەرهەم و کۆششەکانی ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییە دەدۆزرێتەوە، پرسی کوردە. بەشێوەیەک سافیر لە وروژاندنی ئەم پرسە، ڕۆڵێکی گرنگی بینی بۆ ناساندن وخستنەڕووی ئەم پرسە، لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. دوای ئەوەی لە بابەتەکانیدا تیشکی خستە سەر دۆخی نالەباری ئەم گەلە، هەروەها سەرنجی خوێنەرانی خستە سەر خەباتی نەتەوەییان بۆ بەدەستهێنانی بۆ ئۆتۆنۆمی و دانپێدانان بە هەبوونیان لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (36.Sennikov, 2021,p). سافیر مەبەستی بوو؛ بە تیشک خستنەسەر خەباتی کورد لە پێناو سەربەخۆیی، پرسەکە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی فراوانی مشتومڕی سیاسی لە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بابەتەکانی بڵاویکردنەوە، بەشدارییان کرد لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد و بەستێنی مێژوویی داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی، بەتایبەتی لە قۆناغی پڕ لە ئاژاوە و ململانێیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. (ڕەحمان&عبدالله، ٢٠٢٤، ل١٣٤)

نووسینەکانی سافیر کاریگەرییان لەسەر بیروڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دروستکرد، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆکەکانی وەک ریتشارد نیکسون و رونالد ریگان( Ronald Reagan) (1911- 2004) و جورج هربرت ووکر بوش(George Herbert Walker Bush) (1924 - 2018)، کە لە نێوان پشتیوانی و پشتگوێخستن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی جیۆپۆلەتیکی دەجووڵایەوە ( Сенников, 106.2019,p). جەختکردنەوەکانی سافیر لەسەر مافەکانی کورد، لەگەڵ بانگەوازەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە مافی مرۆڤ یەکیان دەگرتەوە، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر دروستکردنی مشتومڕێک لەسەر ڕۆڵی ئەمریکا لە پشتیوانیکردنی شۆڕشی کورد لەبەرانبەر دەسەڵاتە ستەمکارەکان. بەو هۆیەوە سافیر توانی بەشداربێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەرانبەر بە پرسی کورد، بەڵام ناڕوونی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بووە هۆی ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە ئامانجەکەی، لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکان وەک یەکتری نەپێکێ (.(Elis, 2004,p.191

### 3.هەڵوێستی سافیر لەبارەی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان

نووسینەکانی سافیر لەبارەی پرسی کورد لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکان و بە تایبەت لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکی قووڵ بوو، لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆزی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد و ئاڵانگارییەکانی بەردەمی. لەسەر ئەم بنەمایە بەشدارییەکانی سافیر لەگەڵ ڕووماڵی بەرفراوانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەسەر پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم بزاڤە (ویسی،٢٠١٩،ل ٤٧-٦١)، وێنایەکی ڕوونیان لەبارەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد، بەتایبەتی لە عێراقدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خستە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەشێوەیەک ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٨ لە ڕووماڵکردنی شۆڕشی کورد لە عێراقدا، کاریکرد بۆ ئەوەی ڕۆڵی بەرگریکار ببینێ لە پرسی گەلێکی چەوساوەی فەرامۆشکراو، لەدیدی وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە (ڕەحمان&عبدالله، ٢٠٢٤، ل١٣٤). ئەمەش هۆکار و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا،

لێکۆڵینەوەی زیاتر لە دۆخ و داخوازییەکانی گەلی کورد بکەن. لەم سۆنگەیەوە، سافیر دوای ئەوەی بەهۆی دەست کێشانەوەی ئەمریکا لە پاڵپشتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، بەدواداچوونی بۆ چارەنووسی گەلی کورد کرد، لەم بەشەی کوردستان(122.Ivanov,2023,p).

### 3.1. نسکۆی شۆڕشی کورد ساڵی ١٩٧٥

بابەتە سیاسییەکانی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی ولیام سافیر لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لێکەوتەی پاشەکشەکردنی حکومەتی ئەمریکا بوو، لە پاڵپشتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە عێراق. دوای دروستکردنی ئومێدێک بۆ ئەم گەلەی، تاکە پشتیوانی ئەو شاخانەبوون، کە بەرگرییان لەمانەوەی دەکرد، لەبەردەم پرۆسەیەکی بەرفراوانی سەرکوتکاری. ئەم ڕۆژنامەنووسە لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە کوردەکانی عێراق لە دژی ڕژێمی بەعس، کەموکورییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەی بەدیارخست، لەم پەیوەندییە نادەوڵەتییە چەواشەکارییانەی وەک خۆی وەسفی دەکات، کۆشکی سپی بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانی ئەنجامیدا، بەبێ ئەوەی لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە نادروستەی بەرانبەر بەگەلی کورد لەبەرچاوبگرێ(2019,Сенников). لەم سۆنگەوە خەباتی بەردەوامی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و نەبوونی هاسۆزی نێودەوڵەتی لەبەردەم سەرکوتکردنی ئەم گەلە، وەک بابەتێکی ڕەخنەگرانە لە میدیاکانی ئەمریکادا سەریهەڵدا(76.Naumkin, 2019,p).

لە سەردەمی ڕیچارد نیکسۆن- Richard Nixon (١٩٦٩-١٩٧٤)، ئەمریکا ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی(١٩٤١-١٩٧٩) کرد، بۆ پشتیوانیکردنی لە شۆڕشی کورد لە عێراق. ئەم هاوبەشییە ستراتیژییە پاڵنەرەکەی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان بوو؛ لەوانەش خواستی بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی عێراق و پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل لەبەرانبەر بە وڵاتانی عەرەبی، بەڵام تا کۆتایی لە سەر ئەم ئاراستە نەمایەوە، بەڵکو گۆڕانێکی نالۆژیکی و نادروستی بەخۆیەوە بینی، دوای ئەوەی شای ئێران توانی بەرژەوەندییەکانی لە دوای سازشی حکومەتی عێراق بۆ بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەستبێنێ، حکومەتی ئەمریکاش بەهۆی پاشەکشەکردنی حکومەتی ئێران لە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، دەستی لە یارمەتیدانی کورد کێشایەوە و ڕادەستی چارەنووسێکی نادیاری کردن(36.Sennikov,2022,p). ئەم ڕووداوە لێکەوتەی نەرێنی سیاسی و مرۆیی گەورەی هەبوو، بەشێوەیەک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕای گشتی لە ئەمریکا دروستکرد و بەو هۆیەوە بەشێکی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا، وەک توێژێکی بەرپرسیار لەبەردەم پاراستنی متمانەی وڵاتەکەیان لەبەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەوتنە بەرەی ڕەخنەگران و سەرکۆنەکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تەسک و دوور لە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی ئەمریکا ئەنجام درابوون، لە ڕێگەی ئەم بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی بڵاویان کردنەوە، هەموو ئەوانەیان ناشرینکرد، کە دەستیان لە ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە نهێنییە و دواتر فەرامۆشکردنیدا هەبوو. ( Safire, February 265, 1976, p)

سافیر یەکێک بوو لەم ڕۆژنامەنووسانەی یارمەتیدەر بووە بۆ ئابڕووبردنی کاربەدەستانی باڵای کۆشکی سپی لەسەر ئەم پرسە و یەکەم بابەتی سەبارەت بە پەیوەندییە نهێنییەکانی حکومەتی ئەمریکا و شۆڕشی کورد لە عێراقدا بەناونیشانی "خیانەتی نهێنی بەڕێز فۆرد" بڵاوکردەوە، تیایدا نووسەر شیکارییەکی ڕەخنەگرانەی کرد بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە گەلی کورد لە سەردەمی ئیدارەی جیرالد ڕودولف فۆرد-Gerald Rudolph Ford(١٩٧٤-١٩٧٧) دا. بابەتەکەی لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی (پایک- Pike)[٢] خستەڕوو، ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی هەواڵگری ئەنجومەنی نوێنەران لە دوای لێکۆڵینەوەی لە چالاکییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا (CIA) و بڕیارەکانی کۆشکی سپی، خستیە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. (26Safire, February 5, 1976, p). لەم بابەتەدا ولیام سافیر تیشکی خستە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا وەک پشتیوانێکی کورد، کە دوای ئەوەی سەرکردە کوردەکان متمانەیان پێکردن، دەستی لە پاڵپشتیکردنیان هەڵگرت و ڕووی لێ وەرگێڕان و بەتەنیا بەجێیهێشتن. ( Safire, February 5, 261976, p)

سافیر لەم بابەتەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، لە مانگی ئاداری ساڵی 1975 لەدوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر دروست بوو، دوای ئەوەی شای ئێران لەناکاو پشتیوانی خۆی بۆ کورد پچڕاند، لە ئەنجامی مسۆگەرکردنی داواکارییەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا نەتوانێ دەستوەردان لە بابەتەکە بکات، ئەم دۆخەش هانی هێزە عێراقییەکانیدا هێرشێکی بەرفراوان بکەنە سەر شۆڕشگێرانی کورد و کۆتایی بە شۆڕشەکەیان بهێنن. (26Safire, February 5, 1976, p)

لەدەستپێکی ئەو ئاڕاستە ڕەخنەگرانەی سافیر لەسەر دۆزی کورد گرتیەبەر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە پشتبەستنی سەرۆک فۆرد بە ئامۆژگارییەکانی وەزیری دەرەوە هنری ئەلفرید کیسینجەر– Henry Alfred Kissinger (١٩٢٣–٢٠٢٣)، بووە هۆی "خیانەتکردن" لە کورد. ئەو لە نووسینەکەیدا باسی لەوە کرد، کورد متمانەیان بە ئەمریکا هەبوو، بۆیە ڕووبەڕووی ئەم دۆخە بوونەوە. سەرباری ئەوەی تیشکی خستە سەر دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی ئەم سیاسەتە و وەک شکستی سیاسی نیشانیدا. تەنانەت ئەم ڕۆژنامەنووسە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە دەرئەنجامەکانی شکستی ئەم سیاسەتە زۆر گەورە بوون. دوای ئەوەی گەلی کورد ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوەی توندی حکومەتی عێراق بوونەوە، لە ئەنجامدا بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس، ئەوە سەرباری ئەوەی هەزارانی دیکەشیان بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا(26Safire, February 5, 1976, p). بابەتەکەی سافیر سەرنجی خەڵکی بۆ بەرپرسیارێتی ئەخلاقی حکومەتی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕاکێشا. لەم سۆنگەوە دەکرێ بڵێین وتاری "خیانەتی نهێنی بەڕێز فۆرد"ی سافیر، ئاماژەیەکی زەق بوو بۆ نارێکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەرپرسیارەتییە ئەخلاقیەکانی لەلایەن کۆشکی سپییەوە فەرامۆشکران. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەنجامە سیاسییەکانی ئەم ڕووداوە، بەها ئەخلاقییەکانی ئەمریکایان لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەکەدار کرد. هەر ئەمەش بوو وایکرد، تەنیا دوای یەک ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی ستوونە سیاسییەکەی ولیام سافیر، لە (٦ی شوباتی ١٩٧٦) وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ڕاگەیەنراوێکی ڕۆژنامەوانی، کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە، وەڵامی ڕەخنەکانی سافیر بداتەوە، کە تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد :" وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمڕۆ بەتوندی ڕەخنە لە وتارێکی ولیام سافیر دەگرێ لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، کە تیایدا ئیدارەی سەرۆک فۆرد تۆمەتبار دەکات بە خیانەتکردن لە گەلی کورد، لە کاتێکدا ئەو زانیارییانەی خراونەتەڕوو، بێ بنەما و بەڵگەی پێویستن. ( The New York Times, February 6, 1976, p. 8).

دیارە هەموو ئەوانەی سافیر لە بابەتەکەیدا بڵاویکردنەوە ڕاست و بەڵگەداربوون، بە پێچەوانەی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە پشتی بە زانیارییەکانی لیژنەی پایکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەستبوو، ئەم زانیارییانەش لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد پەسەند کران، تەنانەت ئەنجومەنەکە، وەزیری دەرەوە هنری کیسینجەری بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتکرد(ڕەحمانی، ٢٠١٣، ل١٠٨). ئەمیش بۆ بەرگریکردن لە سیاسەتەکەیان، هەرچەندە دانی بە ڕاستی زانیارییەکانی لیژنەی پایک دانا، بەڵام تا ئەو ساتەش، پرسی کورد لە عێراق وەک پرسێکی مرۆیی دەبینێ، بۆیە لە لێپرسینەوەکەیدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە"نابێ پرۆسەی نهێنی و کاری خێرخوازی تێکەڵ بە یەکتری بکرێن"(کیسنجر، 2010، ص522).

لەدوای چەند ڕۆژێکی کەم، بەدیاریکراویش لە (١١ی شوباتی١٩٧٦)، سافیر هەر لە ستونەکەی خۆی، بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی (فرۆشتنی نهێنی) بڵاوکردەوە و تیایدا وەڵامی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و هنری کیسینجەری دایەوە و لە بەشێکی بابەتەکەیدا نووسی:" وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە لێدوانێک وەڵامی بابەتەکەمی دایەوە کە وەزیر کیسینجەر(Kissinger) لەگەڵیدا هاوڕایە: ئێمە ئەم بابەتە وەک کۆمەڵێک چەواشەکاری و درۆ سەیر دەکەین، چونکە هیچ بەڵگەنامە و تۆمارێک پشتگیری ناکات، ڕاشکاوانە بڵێم زۆر بە سوکایەتی دەزانم ئەگەر وەڵامی بدەمەوە، بەڵام هەڵوێستی بەڕێز کیسینجەر بەرانبەر بە کۆنگرێس هەڵوێستێکی "زۆر سووک بوو".( Safire, February 12, 1976, p.30)

لە ئەنجامی بەردەوامبوونی سافیر لەسەر سەرکۆنەکردنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و کاربەدەستانی کۆشکی سپی بەهۆی ئەو خیانەتەی لە گەلی کوردیان کرد، نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک

له (٦ی شوباتی١٩٧٦) ڕاگەیەنراوێکی حکومەتی وڵاتەکەی لەبەردەم ئەندامانی کۆمەڵەکەدا خوێندەوە، کە بەشێکی تایبەت بوو بە نووسینەکانی ویلیام سافیر لەبارەی کورد و تیایدا هات:" هۆکاری ڕاستەقینەی گرنگیدانی سافیر بە کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی؛ ئیسرائیل یەکێک لە چەکە کاریگەرەکانی لە دەستداوە، ئەگەر ئەو گرنگی بە سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی ئەمریکا دەدات بەرانبەر بە گەلێک، کە خەبات دەکات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی، پێویست بوو چاوبخشێنێ بە ڕەفتاری حکومەتی ئەمریکا بەرانبەر بە گەلی فەلەستین، لە کاتێکدا دۆزی فەلەستینی بە گشتی پرسێکی نێودەوڵەتیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی هەیە"( The New York Times, February 17, 1976, Page 28). ئەمەش بە مەبەستی کاڵکردنەوەی ڕۆڵی بەرگریکارانەی سافیر بوو لە گەلی کورد و دۆزەکەی.

لەلای دیکە ڕۆژنامەنووس برنارد جورتزمان(Bernard Gwertzman) لە (١٦ی شوباتی ١٩٧٦) لەبارەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پایک، تایبەت بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز نووسی: ئەمڕۆ وەزیری دەرەوە هنری کیسینجەر، لیژنەی هەڵبژێردراوی هەواڵگری لە ئەنجومەنی نوێنەران تۆمەتبارکرد بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی کارەساتبار لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی چەواشەکاری و بە (درۆیەکی پیس) ناوی برد. هاوکات کیسینجەر سەرۆکی لیژنەکەی کە ئۆتیس جی پایک(Otis G. Pike)ی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو لەسەر لیستی دیموکراتەکان لە نیویۆرک، تۆمەتبار کرد بە خراپ بەکارهێنانی زانیارییە نهێنییەکان بەڕێگایەکی نابەرپرسانە و لەم بارەیەوە گوتی:" ئەو ڕاپۆرتەی دزەی کردووە بۆ ڕۆژنامە، نەک تەنیا زیان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگەیەنێ، بەڵکو لە ڕاستییدا زیانی بە سیاسەتی دەرەوە گەیاندووە". دواتر وەک جورتزمان ئاماژەی پێکرد، کیسینجەر باسی لەوە کرد، ئەو ئامادەیە دەست لەکاربکێشێتەوە لە پۆستی وەزارەتی دەرەوە، ئەگەر ئەمە لەبەرژەوەندیی ئەمریکا بێ. ئەوە سەربارى ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا فۆرد ڕەخنەی توندی لە کۆنگریسی ئەمریکا گرت بەهۆی دزەکردنی ڕاپۆرتەکە و داوای لەدەسەڵاتی جێبەجێکاری کرد، لە بابەتەکە بکۆڵنەوە. بەپێی زانیاریی ئەم ڕۆژنامەنووسە، کیسینجەر بەشێوەیەکی تایبەتی لەم دوو ستونە سیاسییەی ڕۆژنامەنووس ویلیام سافیر نیگەران بوو، کە لەڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکرایەوە. زیاتر لەمەش ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەوەی ئاشکرا کرد، کە لەکاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی کیسینجەر لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، یەکێک لەم ڕۆژنامەنووسانە پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پایک و وتارەکەی ویلیام سافیر، داوای ڕوونکردنەوەی لە کیسینجەر کرد، زانیاری بدات لەسەر ئەوەی ئایا ڕاستە دیاری لە ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩) وەرگرتووە؟ هەرچەندە کیسینجەر هەوڵیدا وەڵامی ئەو پرسیارە نەداتەوە و داوایکرد پرسیارێکی دیکەی لێ بکەن، بەڵام دواتر وەڵامی دایەوە، کە ژەنەراڵ بارزانی دیاری بۆ کۆشکی سپی ناردووە و دیارییەکە لەلای ئەودا نەبووە و لە کۆشکی سپی پارێزراوە. تەنانەت گوتی:"شەرمە وابیربکەینەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی خۆی، بەو دیارییانە بەڕێوەدەبات، کە لەلایەن گەورە بەرپرسانەوە بەدەستی دەگات.(Gwertzman, February 13, 1976, p. 1)

بەم شێوەیە سافیر جەختی لەسەر سیاسەتی نادروستی وڵاتەکەی کردەوە، بەرانبەر بە گەلی کورد. بەپێی بۆچونی سافیر ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی زیاتر لە خەمی لێکەوتەی خیانەتەکەیان بوون لە کورد لای ڕای گشتی، نەک پێگەی ئەخلاقی ئەمریکا. نووسەرەکە لەم بارەیەوە بە شێوازی تەنز نووسیویەتی:" عێراقییەکان دەستپێشخەرییان کرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری خۆیان بۆ کێشەی کورد، لەوانە لەسێدارەدانی چەند سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی کورد و ڕاگواستنی زیاتر لە هەزار کورد بۆ ناوچە عەرەبییەکان لە باشووری عێراق و لە کولتوورەکەیان بێبەشیان کردن. ئێستا حکومەتی عێراق پاداشت دەداتە عەرەبەکانی باشوور و ناوەڕاست، ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کوردەکان بکەن، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی کۆمەڵگەی عەرەبیان بکەن"( Safire, December 13, 1976,p.35)

ئەگەرچی حکومەتی ئەمریکا لەدوای ساڵی ١٩٧٥ هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد پچڕاند، بەڵام سافیر لە دیدێکی مرۆڤ دۆستانە، لە ڕێگەی ئەم بابەتانەی پەیوەندییان پرۆسەی نهێنی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) هەبوو لەگەڵ شۆڕشی کورد بەردەوام بوو ، لەم سۆنگەوە لە بابەتێکی دیکەیدا بەناونیشانی ( لەبارەی کوردەکان

و کیسینجەر و کارتەر و ویژدان)، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە:" کورد لەبەرئەوەی متمانەی بە ئەمریکییەکان بوو، باجێکی قورسیان دا، بۆ ئەم باوەڕە هەڵەیەی لە شوێنی خۆیدا نەبوو. شا لە بەهاری ساڵی 1975 لەگەڵ عێراق ڕێککەوتنێکی کرد و کوردی فرۆشت و هەموو پاڵپشتییەکی بۆیان بڕی و داوای لێکردن خۆیان ڕادەست بکەن. لەم دۆخەدا کورد ڕوویان لە ئەمریکییەکان کرد، مەلا مستەفا و سەرۆکی وێستگەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا سەریان سوڕما ، کاتێک بۆیان دەرکەوت کیسینجەر دەستی لە هەموو بابەتەکە شۆردووە" ( Safire, December 19 1977, p .31).

ئەم ڕۆژنامەنووسە دوای گەیشتنی بەو ڕاستیانەی لە لێژنەی پایک دەستی کەوت، پێی وابوو پێویستە دۆزی کورد لە عێراق وەک پرسێکی سیاسی نێودەوڵەتی سەیر بکرێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم دۆزە بووە قوربانی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا وسۆڤیەت. لەم سۆنگەوە لە درێژەی بابەتەکەیدا نووسی:" سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای نوێ و ئەخلاقی چۆن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کورد ئۆتۆنۆمی بەدەستبێنن و پەڵەی خیانەتیان لە بەرانبەر بە کورد بسڕنەوە؟ سەرەتا دەبێت ئاماژەیەک بنێرین، کە ئێمە ئارەزووی وەرگرتنی نزیکەی ٦٠٠ پەنابەر دەکەین، کە زۆربەیان گەنج و چالاکن، بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی ئەو ٤٠٠ پەنابەرە لێرەن [مەبەستی ئەمریکایە]. دواتر دەبێ پرسی کورد بخەینە کارنامەی گفتوگۆ دوو قۆڵییەکانمان لەگەڵ ڕووسەکان. ئەوان گەورەترین بنکەی ئاسمانی لە شوعەیبە و بنکەی دەریاییان لە ئوم قەسر لە ژێر دەستدایە. بەڵکو سۆڤیەت بتوانێ نێوەندگیری لە نێوان کورد و عێراقییەکان بکات. لە کۆتاییدا، پرسی کورد دەبێت بخرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئایا ئەم کارە ڕوودەدات؟ کەس نازانێ؟ بەهەرجۆرێک بێ ئەمریکا بۆ هەوڵێکی لەو شێوەیە، قەرزاری ویژدانی خۆیەتی" ( Safire, December 13, 1976, p.`35.

لەلایەکی دیکە، کاتێک ڕێبەری شۆڕشی کورد مەلا مستەفا بارزانی، بەهۆی نەخۆشکەوتنی و بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، لە ساڵی ١٩٧٦سەردانی ئەمریکای کرد. ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا، هەلێکی دیکەی بۆ سافیر ڕەخساند، بتوانێ زانیاریی زیاتر لەبارەی پرسی کورد و پەیوەندییە نهێنییەکەی حکومەتی ئەمریکا به شۆڕشی کورد لە ڕێگەی بارزانییەوە بەدەستبێنێ. سەرەتا سافیر بۆ پێکاندنی ئامانجەکەی بەدواداچوونی بۆ باری تەندروستی بارزانی کرد و لەم بارەیەوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ لە یەکێک لە ژمارەکانی نیویۆرک تایمز بابەتێکی بەناونیشانی (لەبارەی کورد و ویژدان) بڵاوکردەوە تیایدا نووسی :"بە گوتەی هەندێک لە باشترین پزیشکەکانمان، دەبوو نزیکەی شەش مانگ پێش ئێستا مستەفا بارزانی، سەرکردەی گەلی کورد بە نەخۆشی شێرپەنجە بمرێت. بەگریمانەیەکی زۆرەوە نەخۆشیەکەی لە قۆناغی کۆتاییدایە، ئێستا ڕێگەی پێدراوە لێرە لە نەخۆشخانەی مایۆ چارەسەری وەربگرێت. دۆخی شۆڕشگێرە پیرەکە باشتر بووە، ئەمەش بووە هۆی سەرسوڕمانی پزیشکەکانی و نیگەرانی وەزارەتی دەرەوە و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی ئەمریکا (CIA). قژی بارزانی جارێکی دیکە گەشەی کردۆتەوە، چاوەکانی گەشاوەتەوە، هەرچەندە بە جلوبەرگی مەدەنی ڕۆژئاواییەوە لە شوێنی خۆی دەردەچێت، بەڵام مشتەکەی بەهێز و ئامانجدارە" ( Safire, December 13, 1976, p .35).

لەلایەکی دیکە لە بەدواداچوونی بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی حکومەتەکەی بەرانبەر بە بارزانی، سافیر باسی لەوە کردووە کە :"چوار مانگ لەمەوبەر[مەبەستی مانگی ئاب]ە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە مەلا مستەفا بارزانی ڕاگەیاند، کە هیچ ئارام نیە لە مانەوەی بارزانی لە ئەمریکا، بۆیە داوایان لێکرد بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڵام مستەفا بارزانی ڕەتی کردەوە و گوتی: ئەگەر ناچاری بکەن ئەمریکا بەجێبهێڵێت، دەچێتە عێراق و ڕووبەڕووی لەسێدارەدان دەبێتەوە". بە گوتەی سافیر ئەم پەیامەی بارزانی وایکرد دیپلۆماتکارە ئەمریکاییەکان پاشەکشە لەو بڕیارەیان بکەن و ڕێگەیان پێدا بمێنێتەوە. هۆکاری پشت مانەوەی، و هۆکاری بڕیاری مانەوەی، هەوڵی ئیدارەی کۆشکی سپی بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی، ژمارەیەکی کەم لە ئەمریکییەکان پێشتر بە شێوەیەکی نهێنی بەرانبەر گەلی کورد ئەنجامیاندا بوو. (Safire, December 13, 1976, p. 35)

لە دوای ساڵێک، جارێکی دیکە سافیر لە بابەتێکی دیکەدا بەناونیشانی ( لەبارەی کورد و کیسینجەر و کارتەر و ویژدان)، سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا بەرانبەر بە دۆزی کورد، بەشێوەی تەنز، ڕەخنەی توندی لە سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا جیمیس کارتەر-James Carter (١٩٧٧-١٩٨١) گرت و نووسی:" مەلا مستەفا، کە ئێستا تەمەنی ٧٥

ساڵە و نەخۆشە، لە ئەمریکایە و هەوڵدەدات سەرنجی سەرۆک کارتەر بۆ دۆخی ناڵەباری گەلەکەی ڕابکێشێت، کارتەر زۆر سەرقاڵە بە وتاردان لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و پاڵپشتی فەلەستینییەکان، بۆیە نەیتوانی چاوی بە پیاوە پیرەکە بکەوێ، کەچی لە شوێنی ئەوەدا لە هاوینی ڕابردوو یاریدەدەری پێشووی کیسینجەر آ. لیروی ئەسیرون ( A. Leroy Atherton) ، ئەو کەسەی لێپسراوی یەکەمی پێشکەشکردنی یارمەتی بوو بە کورد و پاشان ئەو یارمەتیانەی بڕی، پێشوازی لە ڕێبەری کورد کرد. ئەسیرون ئێستا لە قاهیرە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەیە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دیارە دڵنیایی داوە، کە سەرۆک کارتەر گوێبیستی بانگەشەکانی کورد نەبووە، بۆیە سافیر لە سەرۆکی ئەمریکای داواکرد کارێکی باش بکات و چاوبە دۆخی ئاوارە کوردەکان بخشێنێتەوە، کە بەدەستی حکومەتی عێراق تەنیا لەسەر ئەوە لە سێدارەدەدرێن، داوای ئۆتۆنۆمی ناوەخۆییان کردووە، لە کاتێکدا ئێستا ئەو ئۆتۆنۆمییە بە فەلەستینییەکان دەدرێ، بەڵام عێراقییەکان ڕەتی دەکەنەوە. خیانەتکردنی ئەمریکا لە کورد، پەڵەیەکی ڕەشە لەسەردەمی نیکسون و فۆرد، بۆیە ڕەتکردنەوەی چاوخشاندنەوە و چاکردنەوەی ئەم هەڵەیە، وادەکات کارتەر وەک پارێزگاری ئەو شەرمەزراییە ببینرێ" ( Safire, December 19, 1977, pp.`19,31.

داواکارییەکەی سافیر بۆ کۆشکی سپی هیچ وەڵامێکی ئەرێنی نەبوو، بۆیە دوای ساڵێک، داواکارییەکەی لە بابەتێکی دیکەدا بەناونیشانی (بێ دەنگی تاوانە) دووبارەکردەوە. کاتێک نووسی :"حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو ڕۆشنبیریی کوردی لەناوبرد، لە کاتێکدا کورد تەنیا داواکارییان ئۆتۆنۆمییە لە پێناو پارێزگارییکردن لە کولتووری نەتەوەییان. بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستی لەم پرسە هەڵگرتوە و تەنانەت جێگری وەزیری دەرەوە هارولد سوندرز(Harold Saunders) ڕێگە بە ڕێبەری کورد نادات چاوی بەسەرۆک کارتەر بکەوێ، بۆ ئەوەی پرسی نەتەوەییەکەی لەبەردەمی بخاتەڕوو"(Safire, April 24,1978, Section A,p. 23).

بەهۆی ئەو ڕەخنانەی ڕۆژنامەنووسان لەسەر دۆزی کورد لە حکومەتی ئەمریکایان گرت، دەزگاکانی ئاسایش لەم وڵاتە، هەموو دیدارێکی مەلا مستەفا بارزانییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قەدەغەکرد، بەڵام سەرباری ئەو ڕێکارە توندانەی بۆ ئەم مەبەستە گیرابوونە بەر، پێش چەند مانگێک لە مردنی، ویلیام سافیر توانی بگاتە دیداری ئەم ڕێبەرە کوردە و لە بابەتێکدا بەناونیشانی (هەنگاونان بەرەو مردن)، کە لە (١٢ی ئاداری ١٩٧٩) بڵاویکردەوە، نووسی: "ڕێبەری گەلی کورد مەلا مستەفا بارزانی پێش چەند مانگێک لەمەوبەر، لە ماڵە بچووکەکەی پێشوازی لێکردم و بەشێوەیەکی باش لە ڤیرجینیا پاسەوانی لێدەکرا، بەڵام ئێمە لە ژوورەوە بەیەکەوە قاپێک فستقی ئێرانیمان لەبەردەم بوو، بەدەم شکاندنی فستق دەستمان بە گفتوگۆ کرد. لە قسەکانیدا بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کورد گەلێکی ڕەسەنن، موسڵمانن، بەڵام عەرەب نین. مێژوو و ڕۆشنبیری و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە. هەرچەندە کوردستان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، بەڵام دەوڵەتێکی نیە. ١٦ ملیۆن کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا دەژین و هەندێکی دیکە لە سوریا و ڕووسیا، لەبەرئەوەی کورد لێکتری دابڕاون، هەمیشە ڕووبەڕووی سەرکوتکردن دەبنەوە لە هەموو شوێنێک"... بارزانی گوتی:" عەرەبەکان باس لە مافی ڕەوای فەلەستینییەکان دەکەن و کاتێک باسی کورد دەکرێ بێ دەنگ دەبن، لە کاتێکدا جگە لەم ئۆتۆنۆمییەی بە فەلەستینییەکان دراوە زیاتریان ناوێ". (Safire, March 12, 1979, Section A, Page 17)

## 3.2. شۆڕشی نوێی کورد

ئەگەرچی شۆڕشی کورد لە ئاداری ١٩٧٥ بەهۆی ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران، ڕووبەڕووی نسکۆ بووەوە(Pace, 23 March, 1975, p.1)، بەڵام شۆڕشگێرانی کوردستان لەدوای ماوەیەکی کەم جارێکی دیکە، لە ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی چەند پارتێکی سیاسی خەباتگێڕ لەپێناو بەدەستهێنانی مافی گەلەکەیان خۆیان ڕێکخستەوە و دەستیان بەخەباتی سیاسی و چەکداری کردەوە(عەدۆ، ٢٠٢١، ل٣٤). وەک قۆناغی پێشوتر، بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد پێویستی بە پشتیوانی و هاوکاری وڵاتانی هەرێمی و زلهێزەکانی ئەو سەردەمە هەبوو. ئەم دۆخەش جارێکی دیکە بەرەی ڕزگاریخوازی کوردی دابەشکرد، ئەمەش هۆکار بوو بۆ دەرکەوتنی دەنگی کورد بە لاوازی لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی دۆستی میللەتانی چەوساوە بوون، لەسەنگەری بەرگریکردن لە ماف و

ئازادییەکانیان مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر بانگهێشتکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی کردنیان و ڕزگاریکردنیان لەژێر دەستی دەسەڵاتە ستەمکارەکان. کورد ئەگەر هەمیشە وایان دەبینی، تەنیا شاخەکان پشتیوانیانن و هیچ دۆستێکیان نیە، بەڵام لە ڕاستیدا وێنەکە جیاوازبوو، زۆرێک لەوانەی پێشتر بەرگریان لە دۆزی کورد دەکرد، ئەمجارە بە متمانەی زیاتر لەسەر ڕەوایەتی داواکارییەکانیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بەتایبەت لە عێراق، لەگەڵ بەرخودانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەسەنگەری بەرگری مانەوە. لەنێو ئەمانەشدا، قەڵەمی سافیر لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، وەک ئامرازێکی کاریگەر لەو ململانێیە سیاسییەی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، بەردەوام بوو لەسەر سەرکۆنەکردنی هەموو ئەوانەی بەهۆی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییەکانیان، پرسەکەیان نادیدە دەگرت و فەرامۆشیان دەکرد (Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25).

لەسەر ئەم بنەمایە؛ دەکرێ بڵێین پرسی کورد یەکێک بووە لە دیارترین لێکەوتەکانی پەراوێزخستنی سیاسی و یاسایی لە سەدەی بیستەم، ئەمەش باشترین هاندەر بووە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی وەک سافیر بۆ خاڵدانان لەسەر ئەو پیتانەی، نەیارانی کورد و دۆستە بەرژەوەندیی خوازەکانیان بەرانبەر ئەم گەلە چەوساوەیە دایاندەڕێژی، لە پێناو سەرکوتکردنی خواستە نەتەوەییەکانیان. سافیر جارێکی دیکە دەنگی بەرزبوویەوە، کاتێک بینی حکومەتەکەی ئامادەیە پشتیوانی هەر وڵاتێک بکات، کورد نەبێ. بەتایبەتی دوای ئەم ڕووداوانەی لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ سەریهەڵدا. کاتێک هێزەکانی ئێران دوای سێ هەفتە لە گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی(١٩٠٣-١٩٨٩) ، هێرشیان کردە سەر کوردەکان لە نزیک (بانە)، دواتر ناکۆکییەکە پەرەیسەند و شەڕێکی گشتگیری خوێناوی لێکەوتەوە. (عبدالله،1999،ص106).

حکومەتی ئەمریکا لەپێناو نزیکردنەوەی حکومەتی نوێی ئێران لە خۆی، لەم شەڕەدا پاڵپشتیی ئێرانییەکانی کرد و چەک و یارمەتی سەربازی پێشکەشکردن. ئەم هەڵوێستەش لەدیدی ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی ولیام سافیر، بەردەوام بوونی هەڵوێستی نەرێنی حکومەتەکەی بوو بەرانبەر بە دۆزی کورد و وەک خیانەتێک بەرانبەر بە گەلی کورد سەیری کرد، بەو هۆیەوە لە ستوونەکەی کە هەمیشە بەناونیشانی (وتار) بڵاویدەکردەوە، نووسی:" کورد گەلێکی جیاوازە، نەتەوەیەکی جیاوازی غەیرە عەرەبن، موسڵمانی سوننەن، خاوەن زمان و داب و نەریت و جل و بەرگی تایبەت بە خۆیانن- لە کوردستان دەژین. هەزار ساڵە کوردستان ناوچەیەک بووە، بەڵام وڵات نەبووە. هەرچەندە سەڵاحەدین ئەیوبی شەڕی خاچپەرستانی کرد، کەچی کورد هەمیشە لەژێر ئاڵای دەوڵەتانی دیکەدا ژیاوە، سەرباری ئەم دۆخەش هەمیشە شوناسی کولتووری خۆی پاراستووە. ئێستا ئەو ناوچەیەی کە پێی دەوترێت کوردستان، دابەش بووە لە نێوان تورکیادا (کە شەش ملیۆن کوردەکەی بە "تورکی شاخ" ناودەبات و زمانی کوردی قەدەغە دەکات)، عێراق (کە زۆرێک لە ناوچە کوردنشینەکانی وێرانکردووە) و ئێران (کە چوار ملیۆن کوردی تێدایە و بەگشتی هەرەشەیان لەسەرە). کورد لە عێراق لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی مەیلی دۆستایەتی ڕۆژئاوایان هەبوو، بەڵام شای ئێرانی خیانەتی لێکردن و خیانەتەکەی لەلایەن هێنری کیسینجەر و هارولد هنری سوندرز (Harold E. Saunders) یاریدەدەرەکەیەوە بە لێبوردەیی پێشوازی لێکرا، لە ئابڕووچونێکی ئەمریکیدا کە پێشتر باسی لێوەکرا. لە ئێراندا کورد بە گشتی مەیلی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت هەیە، جگە لە کوڕەکەی بارزانی[ مەبەستی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە]... کورد سەرەڕای مێژووی خوێناوی خۆی، هەمیشە بە خۆڕاگری ناسراوە، زۆرجار لایەنگری ئەو لایەنە دەکات، کە پشتیوانی لێ دەکات لە هەوڵی ئۆتۆنۆمیدا. کورد باسی "مافی چارەی خۆنووسین" ناکات، هەرچەندە (پەیماننامەی سیڤەر لە 10ی ئابی 1920دا) بەڵێنی ئەمەی پێدابوو، چونکە ناسیونالیزم بۆ ئەوان خەونێکی دوورە و تەنیا ئەوەی دەیەوێت مافی ژیانە، وەک کورد لەژێر هەر ئاڵایەکدا هەڵبکات لەسەر خاکەکەیدا. ئەوان تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، نەک سەربەخۆیی و هیوادارن بە تەنیا بمێننەوە، بە ڕێزگرتن لە کولتوور و ناسنامەکەیان. ئەم داواکارییە کە بەڕواڵەت بەجێیە، شەپۆلێکی دووڕوویی لە سەرانسەری جیهاندا لێکەوتووەتەوە. ڕێبەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، یاسر عەرەفات، کە بانگەشەی سەروەری نەک تەنیا بەسەر کەرتی ڕۆژئاوا، بەڵکو بەسەر هەموو ئیسرائیلدا دەکات، بۆتە هاوپەیمانی ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەو ڕێبەرەی لە وڵاتەکەی خۆیدا خەریکی سەرکوتکردنی کوردە، لەبەرئەوەی داوای

ئۆتۆنۆمی دەکەن. فەرمانڕەوایەتی بەعس لە عێراق، میسر بەوە تۆمەتبار دەکەن، بەرگری لە سەربەخۆیی فەلەستین ناکات، لە کاتێکدا کار بۆ سەرکوتکردنی کوردە غەیرە عەرەبەکان دەکات، کە لە ناوخۆی عێراقدا بە ناسنامەی خۆیانەوە پابەندن. لە نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕەشنووسی بڕیارنامەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەت بۆ فەلەستینییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، لە کاتێکدا هیچ دەنگێک بەرز ناکرێتەوە بۆ داوای مافی کورد، کە ئێستا مافەکانی لەلایەن عێراق، ئێران، تورکیا و سوریاوە ڕەتدەکرێتەوە. لە واشنتۆن هارۆڵد ساوندەرز، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، کە لە سەردەمی کارتەردا ڕێگری لە جەنەڕاڵ بارزانی کرد بچێتە کۆشکی سپی بۆ دیداری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئەوەی پرسەکەی بخاتەڕوو. بە شەرمەزارییەوە سەیری کورد دەکات، چونکە ئیدارەی کۆشکی سپی هەوڵدەدات ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. تەنانەت لایەنگرانی کارتەر لەلای ڕاستیش بە بێدەنگی ڕازی نین، بەڵکو کار بۆ شکستپێهێنانی کورد دەکەن؛ ئەمساڵ فڕۆکەیەکی بارهەڵگری ئێرانی هەشت جار بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ئەمریکییە گەڕێنراوەکان گەیشتووەتە ئەمریکا، ئەم پارچە یەدەگانەی پێ بووە کە بەخشرابوونە ئەو فڕخە٥٧٨ۆکە ئێرانییانەی هێزە کوردییەکانیان بۆردومان دەکرد. ساوندەرز دەیتوانی بە یەک وشە ئەم بۆردومانە بوەستێنێت، بەڵام نەیکرد، پێی باشتر بوو لە بەرانبەر بەکارهێنانی کەرەستەی ئەمریکی بۆ کوشتنی کورد بێدەنگ بێت، هاوکات ناڕەزایی دەربڕی بەرانبەر بە بەکارهێنانی لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لە لوبنان. لە هەموو شوێنێک مافەکانی کورد پشتگوێ دەخرێ، لە هەمان کاتدا ستایشی فەلەستین دەکات. گرفتەکە ئەوەیە کە ڕەنگە کورد ئۆتۆنۆمییەکی سادە قبوڵ بکات، لە کاتێکدا فەلەستینییەکان پێشنیارێکی هاوشێوە ڕەت دەکەنەوە. ئەگەر ڕژێمی ئێران و عێراق ئۆتۆنۆمی هاوتای ئەو شتەی کە ئیسرائیلییەکان پێشکەشی فەڵەستینییەکان دەکەن، بە کوردیان بدابوایە، کورد بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکرد"( Safire, September 20, 1979, p.23). بەشی زۆری ئەم وتارەی سافیر لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی کورد، پشتی بەو زانیارییانە بەستبوو، کە لە مەلا مستەفا بارزانی وەریگرتبوو، بەر لە مردنی. دیارە هێنانە پێشەوەی دۆزی گەلی فەلەستین و بەراوردکردنی لەگەڵ دۆزی کورد، بۆ نیشاندانی دوو ڕوویی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو لە بەرانبەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەوەی مەبەستمانە لەبارەی ئەم وتارەی سافیر بیڵێین، هەمان ئەو تێڕوانینەیە، کە پێشتر لەسەر بێ دەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە پرسی کورد هەیانبووە، ئەم وتارەش وەک بەشێکی زۆری بەڵگەنامە و یاداشتی سیاسەتمەدارانی گەورە وڵاتانی جیهان، لەوانەی باسیان لە پرس و شۆڕشی کورد کردووە، باسی لە بەردەوام بوونی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا و هەرێمایەتی کردووە لەسەر پەراوێزخستنی پرسی کورد، نووسەر پێی وایە دۆزی کورد، وەک ئامرازێکی گوشار بەکارهێنراوە بەبێ ئەوەی دان بە مافە سەرەتاییەکانیدا بنرێ. دەقەکە ئەوە دەردەخات، کە کورد سەرەڕای پراگماتیزمی لە هاوپەیمانییەکان و بەدواداچوون بۆ خۆبەڕێوەبەری، وەک قوربانیی دووڕوویی سیاسی ماوەتەوە و ئازارەکانی پشتگوێ خراوە، بەراورد بەو پاڵپشتییەی، کە بۆ دۆزی نەتەوەیی دیکە هەبووە. لە کۆتاییدا دەڵێم کورد بەدەست پەراوێزخستنی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە ناڵاندوویەتی و مافەکانی وەک قوربانیی ململانێ و هاوپەیمانییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ناوچەکەدا ماوەتەوە.

### 3.3. ئۆپەراسیۆنی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨

ئەنفال و کیمابارانکردن سیاسەتی حکومەتی عێراق بوون و ئاڕاستەکراو بوون بەرانبەر بە گەلی کورد لە چەندین ناوچە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان. ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە کورد مێژووییەکی درێژی هەبوو، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٦٣، مەلا مستەفا بارزانی نامەیەکی بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان نارد و سکاڵای ئەوەی کرد، کە حکومەتی عێراق چەکی کیمیاوی دژی کورد بەکاردێنێ(Bulloch & Morris,1992,p.143). دوای سەرهەڵدانی شەڕی عیراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٠، حکومەتی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٣–١٩٨٨) چەندین جار پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی برد. دیارترینیان کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بوو لە ساڵی 1988، کە بەو هۆیەوە نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستدا. سەرباری ئەوەی ئەم هێرشە بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار کورد

و وێرانکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکان (11Cowell, March 24, 1988,p). دوای ئەوەی لە ڕۆژی (١٥ی ئاداری ١٩٨٨) ئەم شارە کەوتە دەستی هێزە کوردییەکان و سوپای ئێران، بەو هۆیەوە حکومەتی عێراق هێزی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی کورد بەکارهێنا و لەم پرۆسە سەربازییانەی بۆسەر خەڵک و شۆڕشگێرانی کورد ئەنجامیدا(16.Bingham,2013,p).

بەپێی زانیاریی ڕاوێژکاری ڕێکخراوی هیومن ڕایتس وۆتش (جوست هیلترمانJoost Hiltermann)، سوپای عێراق لە ساڵی 1983 بەدواوە بە شێوەیەکی بەرفراوان چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئەو کاتە لەدۆخی بەرگریدا بوو، لە توانای نەبوو لە بەرەکانی شەڕدا ڕووبەڕووی هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران ببێتەوە(17.Hiltermann,2007,p). لەم بارەیەوە یەکێک لە ژەنەراڵە ئەمریکییەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "سەرەتا سوپای عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، ئەمیش لە ئەنجامی بێ هیوایی ئەو سوپایە بوو لەسەرکەوتن بەسەر سوپای ئێران، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕەکە، عێراقییەکان بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان کردە تاکە ئامرازی پێکاندنی ئامانجە سەربازییەکانیان". لە درێژەی باسەکەیدا ئەو ژەنەراڵە ئەوەی خستەڕوو، کە:" لەکاتی بەرگریکردن لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای ئێراندا، عێراقییەکان زۆربەی کات چەکی کیمیاویان بەکارهێناوە، بەتایبەتی گازی خەردەل، لەبەرئەوەی شوێنەوارەکەی دەمایەوە و هاوکات دەبووە هۆی پیسکردنی ئەو ناوچانەی ئێرانییەکان تێیدا هێرشیان لێیەوە ئەنجام دەدا. تەنانەت لەبەردەوامی شەڕەکەدا، سوپای عێراق، لە کاتی پاشەکشەکردنی لەبەرەکانی شەڕ، پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەبرد، وەک ئەوەی لەدوای دەستبەسەرداگرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای ئێرانەوە لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ ئەنجامیدا ( Trainor, August 5, 1988, p. 8).

ئەم ڕێکار و پلانە سەربازییەی سوپای عێراق لەکاتی شکست و پاشەکشەکردنیدا بەرانبەر سوپای ئێران پیادەی کرد، لە شاری هەڵەبجە کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە، لەکاتێکدا خەڵکی ئەم شارە بەشێک نەبوون لە ململانێیەکەدا. دوای ئەوەی بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، هێزە ئاسمانییەکانی عێراق لەم ڕۆژەدا تێکەڵەیەک لە گازی کیمیایی ژەهراوییان بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە گازی (خەردەل) و گازی (سیانید) ( Browne, April 17, 1988, 7p). لەئەنجامی ئەو هێرشەدا نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیلی کورد گیانیان لەدەستدا، کە زۆربەیان ژن و منداڵ و بەساڵاچوو بوون و دە هەزار کەسی دیکەش بە سەختی بریندار‌بوون. ((Sciolino, June 22, 1988, P. 3

وێنەگری بەریتانی (جون سیمبسون- John Simpson)، یەکێک بوو لەو کۆمەڵە ڕۆژنامەنووس و وێنەگرە ڕۆژئاواییانەی لەدوای هێرشەکە لەلایەن ئێرانەوە بانگهێشتکران بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکە، لەو ڕاپۆرتەی لەسەر ڕووداوەکە بڵاویکردەوە، باس لەوە دەکات، کە وێنەکانی هەڵەبجە لەو کاتەدا خەمناک بوون، تەرمی خەڵکی سڤیل لە شەقامەکاندا کەوتبوون، ئەمەش بە کاریگەری خێرا و کوشندەی گازە ژەهراویەکان ڕوویدا(34.Simpson,2013,p). لە دەرەنجامی ئەم ڕووداوە، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی خێرا، یەکێک لە لێژنەکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی سەلماند کە:" نیشانە فیزیکیەکان لەسەر جەستەی قوربانییەکان، ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی ماددە کیمیاییە ژەهراوییەکان. هەروەها ئەو هێرشە وەک ئامرازێکی تۆقاندنی سیاسی لە بەرانبەر دانیشتوانی کورد لە ناوچەکە بەکارهێنراوە".((Cowell, March 24, 1988.p.24

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە، کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، لەپێناو ڕاگرتنی ئەم کردارە نامرۆڤانەی دژ بە یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بوو، کە حکومەتی عێراق لە بەرانبەر گەلەکەی خۆی ئەنجامیدا. لەم سۆنگەوە، خاڤییر فیلیبی ریکاردو بیریز دی کوییار -Javier Pérez de Cuéllar (١٩٨١-١٩٩١) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتارێکیدا، کە دەقەکەی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکراوەتەوە، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوەکە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە:" بەڵگەی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق، چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بەکارهێناوە" (14.Kingson, April 6, 1988, p)

ڕژێمی بەعس ئەم تۆمەتانەی کە ئاراستەی کران، سەبارەت بە ئەنجامدانی هێرشی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجە، ڕەتکردەوە، بە پێچەوانەوە بەرپرسیارەتییەکەی خستە ئەستۆی سوپای ئێران( Cowell, March 24,

24.1988.p).بەڵام ئەوەی ڕاستی بوو، ئەوەبوو؛ حکومەتی عێراق ئەو هێرشەی بەکارهێنا بۆ ناردنی پەیامێکی توند بۆ گروپە کوردییەکانی هاوپەیمان لەگەڵ ئێران، بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانەتییەیان لەگەڵ حکومەتی ئێران دوور بکەونەوە.((Sciolino, June 22, 1988, p. 3

دوای ئەم ڕووداوە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (چارلز ڕیدمان-Charles Redman) لە (٢٣ی ئاداری ١٩٨٨) ڕایگەیاند" ئەم ڕووداوە سەرپێچییەکی ترسناکە بە تایبەتی لەسەر پرۆتۆکۆلی جنیفی ساڵی ١٩٢٥"، بەڵام لە هەمان کات وا بینرا، کە حکومەتی ئەمریکا نایەوێ عێراق بەرپرسیار بکات بە ئەنجامدانی هێرشی کیمیاوی، هەر بۆیە وتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوە گوتی:" ئاماژە هەیە، کە ڕەنگە ئێرانیش موشەکی کیمیاوی لەم شەڕەدا بەکارهێنابێ"(7.Hiltermann,2007,p). سەرباری ئەمەش پێی پەسەند نەبوو وشەی "جینۆساید" بۆ ڕووداوەکە بەکاربێنێ (.(Sciolino, June 22, 1988, p. 3

ڕاوێژکاری ڕێکخراوی هیومن ڕایتس ووچ لە نیویۆرک (جوست ر. هیلترمان- Joost R. Hiltermann) ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە لەو کاتەدا "ئەمریکا پشتیوانی لایەنێکی دەکرد دژی لایەنێکی دیکە". بەم شێوەیە بەڕوونی ئەوەی نیشاندا، حکومەتی ئەمریکا بە هۆی پاڵشتی لە حکومەتی عێراق لە شەڕەکەیدا لەدژی ئێران، چاوپۆشی لە تاوانەکە کرد، دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار بوو لەمێژووی دۆزی کورد، پرسەکەیان ببێتە پرسێکی نێودەوڵەتی(16.Hiltermann,2007,p).

فەرامۆشکردن و بەلارێدابردنی هێرشی کیمیایی سوپای عیراق بۆ سەر شاری هەڵەبجە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا، ئامانج لێی دوورخستنەوەی عێراق بوو لە سەرکۆنەکردنی جیهانی. لە کاتێکدا باڵیۆزی ئەو کاتەی ئەمریکا لە عێراق (فرانسیس ڕیچاردونی- Francis Ricciardone)، دوای ڕووداوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ،کە خۆی و هاوڕێکانی زانیاری هەواڵگرییان هەبووە لەسەر هێرشە کیمیاییەکەی عێراق و کاروانەکانی چەکی کیمیاوی، کە لە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەر لەسەری ساڵی ١٩٨٣ گەیشتنە عێراق، بەڵام بەهۆی پاراستنی سەرچاوەی زانیارییەکانیان، لەو کاتەدا نەیانتوانیوە ئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە. (39.Hiltermann,2007,p). ئەوە لە کاتێکدایە باڵیۆزی ئەمریکا ئەوەی شاردۆتەوە، کە حکومەتەکەی لە سەردەمی سەرۆک ڕۆناڵد ریگان- Ronald Reagan (١٩٨١-١٩٨٩)، بەشێوەیەکی بەردەوام چەکی کۆمەڵکوژیان بە سەدام حوسێن داوە، هەرچەندە دەزگا هەواڵگرییەکان هۆشداری پێیان داوە، کە حکومەتی عیراق کار لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ دەکات (1.Lando,2007,p). ئەم زانیارییانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن، حکومەتی ئەمریکا یەکێک بووە لە بەرپرسیارانی کۆمەڵکوژیکردنی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە، بەهۆی چاوپۆشی لە تاوانبارانی ڕووداوەکە و بەردەوام بوونی لە پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بە حکومەتی عێراق. تەنانەت نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوناڵد رامسفیلد( Donald Rumsfeld) هیچ بەم ڕووداوەکە نیگەران نەبوو. (صعب،2021،ص100).

ئەم هەڵوێستەی حکومەتی ئەمریکا وەک هەڵوێستە نەرێنییەکانی دیکەی بەرانبەر بە کورد، بووە جێگەی ڕەخنە و سەرنجی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی ولیام سافیر. بە شێوەیەک سەرباری ئەوەی سەرکۆنەی پیادەکردنی سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراقی کرد بەرانبەر بە کورد، لەوانەش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، هاوکات داوای دەستێوەردانی نێودەوڵەتی کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ، کە بەرانبەر بەگەلی کورد ئەنجام درا ,Donovan 8.2006,p)). لەسەر ئەم بنەمایە لە بابەتێکدا لە ستونی وتار بەناونیشانی ( کوشتنی کوردەکان لەسەر دەستی عێراقییەکان ڕابگرن)، لە (٥ی ئەیلولی١٩٨٨) نووسیویەتی:" لەدوای ڕاوەستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، سەدام حوسێنی دکتاتۆری عێراق، هێرشێکی سەربازی نوێی دەستپێکردوە وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بۆ سزادانی گەلی کورد لەباکووری عێراق، ئەوانەی بوێرانە بەردەوام بوون لە خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە کاتی شەڕی دکتاتۆر لە دژی ئێران. دوای ئەوەی هێزەکانی لەدوای ئاگربەست دەستیان کراوە بوو، سەدام حوسێن کوردەکانی بە گازی خەردەل لەناوبرد. ئێستا (٩٠) هەزار پەنابەری کورد لەناو خیوەتەکان دەژین بەدرێژایی سنووری تورکیا. لە کاتێکدا (٤٠) هەزاری دیکەیان نەیانتوانی ڕابکەن. ئەم هەڵمەتەی جینۆسایدکردن، ئامانجی گەلێکی دێرینە، هیچی ناوێ جگە لەوەی مەبەستیەتی پارێزگاری لە زمان و داب و نەریت و کولتووری خۆی بکات، لە ژێر سایەی ئازادیدا. ئێمە ئێستا

شاهێدی نمونەیەکی تەقلیدی پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژین"... ئاشتیخوازانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ، تەنیا گرنگی بە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەندام دەدەن، نەک ژیانی گەلی کورد، یان بڵاوبوونەوەی گازی ژەهراوی. تەنانەت یەک تۆز هاوسۆزی لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەهات، لەبەرئەوەی نایەوێت بەغدا و تاران تورە بکات. بەڵام ئەمریکا بە جەختکردنەوەی لەسەر هەڵوێستەکەی لە سەردەمی ریگان، دواجار دەنگێکی لاوازی لێوەهات. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوەکرد، ڕاپۆرتەکان باس لە ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی عێراق دەکەن، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، سەرپێچییەکی ترسناکە لەسەر مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی". بەڵام چۆن دەتوانین ئەمە بە هەنگاوێک بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی بێتاوانەکان بزانین؟ تورکەکان کە بە توندی کەمینە کوردەکەیان سەرکوت دەکەن (کوردەکان بە "تورکی شاخ" ناو دەبەن و زمانی کوردی قەدەغە دەکەن)، هەندێک پەنابەریان لە بەرانبەر تورەیی سەدام قبوڵکرد. ئەمە شتێکی گەورەیە؛ هەرچەندە زۆر نییە، بەڵام لانیکەم بەقەد ئەو ڕەتکردنەوە خراپ نییە، کە لە جیهانی عەرەبی یان یەکێتی سۆڤیەت بەدەستی دەهێنین".( Safire, September 5, 1988, Section 1, p. 21)

ئەم ڕۆژنامەنووسە، لە بابەتەکەیدا پێشنیازێک دەخاتە بەردەم حکومەتی ئەمریکا و دەنووسێ:" ئێمە دەتوانین ئەم جینۆسایدە بوەستێنین بە (آ) داواکردنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنی ئاسایش و هەوڵبدەین پرۆسەی ئاشتی جنێڤ، بە مافەکانی مرۆڤ ببەستینەوە. (ب) بانگهێشتی پەنابەرە کوردەکان بکەین بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی شایەتحاڵی بدەن، (ج) هانی حکومەتی تورکیا بدەین بە شێوەیەکی فراوانتر هاوکاری کوردەکان بکات. (د) فشار بخەینە سەر عێراق بۆ کشاندنەوەی بەپەلەی هێزەکانی لە ناوچە کوردییەکان. ئەگەر ئەم هەوڵانە ئەنجامی خێرای لێنەکەوتەوە، دەتوانین مووشەکی کاریگەر بنێرین بۆ مەسعوود بارزانی، تا ئەو فڕۆکە جەنگییانە بخەنە خوارەوە، کە گازی ژەهراوی لە بۆردومانەکانیان بەکاردەهێنن. کوردەکان دەڵێن "پێشمەرگە" کە بە واتای "بەرەو پێش مردن" دێت. ئەم دروشمە بەمانای ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ دێ، بەڵام وەسفی چارەنووسی ئەوانیشە. ئەو کەسانەی جگە لە ئاشتی و ئازادی هیچی تریان ناوێت، شایەنی پشتیوانی ئەمریکان"( Safire, September 5, 1988, Section 1, p. 21)

### 3.4. ڕاپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١

دوای داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەلایەن سوپای عێراق لە (٢ی ئابی١٩٩٠)، شەڕی کەنداو هەڵگیرسا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و بەشێکی سوپا عەرەبییەکان، لە پرۆسەیەکی سەربازی بەناوی (گەردەلوولی بیابان) لە (شوباتی١٩٩١)هێرش بکەنە سەر سوپای عێراق و دوای ئەوەی بەشی گەورەی ژێرخانی سەربازییەکەیان تێکشاند، لە دەوڵەتی کوێتیش دەریانکرد (محمود،2016، ص24). ئەم شکستەی سوپای عێراق، هانی شیعە و کوردەکانی عێراقیدا، دەرفەت وەربگرن و هێرش بکەنە سەر ئەم سوپا تێکشکاوە، بۆ ئازادکردنی شارەکانی باشوور و ناوەراست و باکووری عێراق.( House of Representatives,2011, p.90). دوای ماوەیەکی کورت، شیعەکان لە خوارووی، کوردەکان لە باکوور، ڕووبەڕووی پەرچەکرداری سوپای عێراق بوونەوە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سەربازی سەرکوتکاری. بەو هۆیەوە لەدوای جوولەکردنی هێزە تایبەتییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکانی باشووری و کوردستان، نزیکەی یەک ملیۆن کوردی عێراق، بۆ جارێکی دیکە ئاوارەی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بوونەوە. بەم جۆرەش پرسی کورد، دووبارە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت، دوای ئەوەی ئەم پێشهاتە بووە مایەی نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی(فیدال،2010،ص131). ئەم ڕووداوە ناسراوە بە کۆچڕەوی بەهاری ١٩٩١. دوای ئەوەی سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق، بە ڕەزامەندی و چاوپۆشی حکومەتی ئەمریکا، بەشێوازێکی توندوتیژ ڕاپەرینەکانی سەرکوتکرد، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تانک و فڕۆکە جەنگییەکانی (صعب،2021،ص١٠٠).

سافیر جارێکی دیکە، هەڵوێستی توندی بەرانبەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نیشاندا، بەهۆی بێ دەنگیان لە سەرکوتکردنی گەلی کورد، لەم سۆنگەوە لە بەشێکی بابەتێکیدا بەناونیشانی ( بەدوای کورد بکەون بۆ ڕزگارکردنی عێراق)، سافیر نووسی:" سەرۆک بوش بەوە ناڕەحەت بوو کاتێک بینی پۆلیسێک لە پیاوێکی دەدا بێ هۆشیکرد ، لەکاتێکدا کۆمەڵێک پۆلیس سەیریان دەکرد، بەڵام کاریگەر نەبوو بە بینینی دیمەنی سوپای ئەمریکا لەو کاتەی تەنیا وەک تەماشاکەر

سەیری فڕۆکە جەنگییەکانی سەدام حوسێنیان دەکرد، کاتێ مردنی بەسەر کوردەکان دەباراند، تەنیا لەبەرئەوەی بەدەم بانگەشەی جۆرج بۆش-George Bush(١٩٨٩-١٩٩٣) چوون بۆ ڕاپەڕین، دوای ئەوەی چەندین جار، هانی عێراقییەکانیدا ڕژێمی ستەمکاری عێراق لە بەغدا بڕوخێنن، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەڵێنی پێدان پارێزگاری لە ئاسمانی عێراق بکات لەبەردەم لە فڕۆکە جەنگیەکانی دیکتاتۆر. هۆکاری نەبوونی ئازایەتی و هەستکردن بە ئامانجێکی ئەخلاقی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بۆش نایەوێ لە ڕاپەڕینی شیعەکان لە باشوور و کورد لە باکوور تێوەبگلێ، چونکە بەبڕوای ئەو، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی نا سەقامگیری لە ناوچەکە".(Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25)

سافیر لە باسکردنی وردەکاری پرۆسە سەربازییەکە، نووسی:" هێزەکانی گاردی کۆماری عیراق، کە ئێستا لەژێر فەرمانی سوپا بیانییەکان کار دەکەن، چێژ لە کوشتنی هاولاتیانی خۆیان وەردەگرن لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکان لە باشوور، کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێ، ئێستاش تانک و فڕۆکەکانیان بەرەو باکوور جووڵە پێکردووە بۆ گەڕاندنەوەی شاری کەرکوک لەدەستی کورد. هێزەکانمان ئەگەر ڕێگریی لەو شەقاوانە نەکەن. ئەوە بوش دەبێتە سێیەم سەرۆکی ئەمریکا، کە خیانەت لە کورد بکات. ڕیچارد نیکسۆن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەسەر داوای شای ئێران، بە مەبەستی گەیشتن بە سەقامگیری ناوچەیی، ئەو کارەی کرد؛ ڕۆناڵد ڕیگان لە ساڵی ١٩٨٨ ئەو کارەی کرد، کاتێک پاداشتی سەدام حوسێنی کرد بە بەخشینی چەکی زیاتر، هەرچەندە سەدام لەو کاتە ١٢ هەزار کوردی بە گازی ژەهراوی بۆردومانکرد لە هەڵەبجە. (Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25). ئەم بابەتەی سافیر، تۆمەتبارکردنی ڕاستەوخۆی کۆشکی سپی بوو، بە ڕێگەخۆشکردن بۆ هێزە عێراقییەکان بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان بەبێ گوێدانە پرەنسیپە ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان، ئەمەش تەواوی بانگەشەکانی ئەمریکای سەبارەت بە مافی مرۆڤ و پاراستنی چەوساوە و ژێر دەستەکان، خستە ژێر پرسیارێکی قول و متمانەی ئەمریکای لەلایەن میللەتانی بێ پشتیوان لاواز و بێ بەها کرد.

سافیر لەم بابەتەیدا شیکاری بۆ هەڵوێست و داواکارییەکانی سەرکردایەتی کورد کردووە، لەسەرەتاوە گەڕاوەتەوە بۆ وردەکاری یەکەم خیانەتی حکومەتی ئەمریکا لە بەرانبەر بە کورد و لەم بارەیەوە نووسی:" مەلا مستەفا بارزانی، سەرکردەی ئەفسانەیی کورد، کە بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد، لە ساڵی 1975 لەگەڵ کوڕە گەنجەکەی، دوای خیانەتەکەمان لە لایەن ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا(CIA)، لە وڵاتی ڤێرجینیا دەربەدەر کران. من هەرگیز جەنگاوەرێکم نەبینیوە لەم پیاوە ئازاتر و بە کەرامەتر بێ. هەمیشە بە حەسرەتەوە دەیگوت" کورد دۆستی نییە". لەم هەفتەیەدا پەیامنێرانی ئەمریکی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مەسعودی کوڕی بارزانی کرد. بە پێچەوانەی زۆربەی سەرکردەکانی نەیاری سەدام حوسێن، ئەو جەنگاوەرێکە لە مەیدان، نەک تەنیا دەنگێک بێ لە دەرەوەی وڵاتەکەی. لە ناوخۆی عێراق نوێنەرایەتی گەلەکەی دەکات، نەک بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ لەبەرچاوبگرێ لەسەرووی بەرژەوەندی میللەتەکەی، بۆیە خۆی دەرخست کە ئەو کوڕی ڕاستەقینەی مەلا مستەفایە. مەسعود بارزانی لەم دۆخەدا کە میللەتەکەی ڕووبەڕووی بویەوە گوتی: ئەو چوار ملیۆن کوردەی کە نزیکەی چارەکێکی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، لە ئێستادا هەوڵی سەربەخۆیی نادەن، بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا ڕازی دەبن، ئەگەر ڕێز لە مافی کۆمەڵە و ئایین و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان بگرێت. (Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25)

داخوازییەکانی گەلی کورد، کە مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوزارشتی لێکرد، پێچەوانەی خواستی ئێران بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب لە عێراق. هاوکات بەریەککەوتنی هەبوو لەگەڵ خواستە سیاسییەکانی شانشینی سعودیە، کە خوازیاری مانەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆری سەربازی سوننە بوو؛ لەلایەکی دیکە حکومەتی سوریا لەم قۆناغەدا خوازیاری ناسەقامگیریی بوو لە هەموو بوارەکان، لەبەرئەوەی لە ناکۆکی قوڵی ئایدۆلۆژی سیاسی بوو لەگەڵ سەرکردەکانی حزبی بەعس لە عێراق. بەڵام ئەمە، دەوڵەتی تورکیای بێزار و نارەحەت نەکرد. لەبەرئەوەی سەرۆکی تورکیا تورکت ئۆزال، هەوڵی ئەوەی دەدا وڵاتەکەی بخاتە ریزی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و ببێتە بەشێک لە ئابوورییەکەیان. (Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25)، سافیر لەو

بابەتەیدا، ئاماژەی بەکرانەوەیەکی سیاسی هەرێمایەتی کرد بەرانبەر بە پرسی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیا، هەرچەندە لە سۆنگەی بەرژەوەندییە تەسکەکانی ئەم وڵاتە چڕ بویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هاندانێک بوو بۆ کاربەدەستانی کۆشکی سپی، تا ڕێچکەی دەستێوەرنەدان لەکاروباری عێراق بشکێنن و بەڕادەیەکی کەمیش بێ، هەڵوێستێک بنوێنن بۆ پارێزگاریکردن لە کوردەکان، بەرانبەر ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەلایەن حکومەتی عێراق.
سافیر لەم بابەتەیدا، چەند داواکارییەکی خستە بەردەم لێپسراوانی ئەمریکا لە کۆشکی سپی و نووسی:"نابێ ڕێگری لە هێزە ئەمریکییەکان بکەین لە عێراق، دەستوەردان لەم دۆخەدا بکەن، لە کاتێکدا تانک و فڕۆکە جەنگییەکان، هێزە ڕاپەریوەکانی دژ سەدام حوسێن لەناو دەبەن. پێویستە سەرۆک بوش بە بەغدا ڕابگەیەنێ کە بوەستن و جوولە بە تانکەکانیان نەکەن و هێزەکانیان لە باکوور بڵاونەکەنەوە. ئێمە پێویستە نێردراوێکی باڵا بۆ لای مەسعوود بارزانی بنێرین و پێویستە پەیامێک بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەغدا بنێرین: لە ماوەی 48 کاتژمێردا سەدام حوسێن بڕووخێنن و دەست بە دانوستان بکەن لەگەڵ کوردەکان(Safire, March 28, 1991, Section A, p. 25). ئەوەی تێبینی دەکرێ، ئەم ڕۆژنامەنووسە زیاتر متمانەی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی بووە، بۆ ئەوەی ببێتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان حکومەتی ئەمریکا و کوردەکان، ئەمش بەهۆی پاشخانی مێژوویی بارزانییەکان بوو لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا، هاوکات هەوڵێک بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی گەیاندبوو لە قۆناغەکانی پێشووتر.
دواجار حکومەتی ئەمریکا لە ڕێگەی یاریدەدەرێکی سەرۆک بوش ئاشکرایکرد، کە تاکە فشار لەسەریان، ئەو هەوڵانەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە لەبەرانبەر کۆشکی سپی ئەنجام ئەدرێ بۆ دەست وەردان لەکاروباری باکووری عێراق و بەدەنگەوەهاتنی کورد و ڕزگارکردنیان لەژێر دەست و چەوسانەوەی حکومەتی عێراق.( Safire, April 4, 1991, Section A, p. 23). بەم شێوەیە هەوڵەکانی سافیر نزیک بویەوە لەوەی بە ئەنجام بگات، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە بابەتێکی دیکەیدا بەناونیشانی( دەستێوەردان ئەرکە) نووسی:" لە کۆتاییدا سەرۆک بۆش داوای لە بەغدا کرد کوشتنی پەنابەران ڕابگرێت، ئەگەرنا ڕووبەڕووی هێرشی هێزی ئاسمانی ئەمریکا دەبێتەوە ( Safire, April 15, 1991, Section A, Page 17).
بەم شێوەیە کۆششەکانی سافیر و هاوپیشەکانی لە ڕۆژنامە جیهانییەکان، بۆ فشار دروستکردن لەسەر حکومەتی ئەمریکا بۆ پاراستنی کورد ئەنجامیاندا، لە پاڵ هەوڵە دیبلۆماسی و سیاسییەکانی دیکەی هەبوون بۆ هەمان مەبەست، دەرئەنجامی ئەرێنی لێکەوتەوە، کاتێک هەواڵە خۆشە چاوەڕواننەکراوەکەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە بە گەلی کورد گەیاند و نووسی:" ئیدارەی بوش بە نهێنی دانوستان دەکات بۆ ڕێککەوتنێک لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ کشانەوەی دوایین هێزی گاردی کۆماری لە کوردستانی عێراق.( Safire, June 24, 1991, Section A, Page 15). بە تێپەڕبوونی چەند مانگێکی کەم، سافیر کۆتایی بە بانگەشەکانی هێنا لەسەر پاراستنی کوردەکان و ڕایگەیاند:" ئێتر کۆشکی سپی، سیاسەتەکەی بەرانبەر بە گەلی کورد گۆڕی و لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هێڵێکی ئەمنییان بە درێژایی هێڵی ٣٦ کێشا، کە گەرەنتی سەلامەتی گەلی کورد دەکات"( Safire, September 12, 1991, Section A, Page 25).

**ئەنجام**

دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ووردەکاریکردن لە شیکردنەوەی تەوەر و بابەتەکانی پەیوەندییان هەبوو بەم توێژینەوەیە، گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:
١-بەدیدی روژنامەنووس سافیر هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووکان لە ساڵانی ١٩٧٥،١٩٨٨،١٩٩١، خیانەتی گەورە بوون بەرانبەر بە کورد.
٢-روماڵی ویلیام سافیر بۆ بارودۆخی کورد و بەرگریکردن لە دۆزەکەیان، بەشداربووە لە گۆڕینی هەڵوێستی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بەرانبەر دۆزی کورد.

٣-سافیر زیاتر لەهەر لایەنێک، داوای هەماهەنگی لە دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا کردوە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و لە قۆناغی دواتریش لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەرئەوەی بە ڕێبەری کورد و دۆستی ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەیری کردون.
٤-سافیر لەگەڵ هەموو پێشهاتە سیاسییەکانی لە کوردستان ڕوویانداوە، هەوڵی نزیککردنەوەی کۆشکی سپی داوە لەگەڵ سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کورد.
٥-سافیر بەشداربووە لە بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد لە عێراق، بەتایبەتی لەدوای ڕووداوەکانی جینۆسایدکردنی کورد و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ و کۆچڕەوی کوردان لە ساڵی ١٩٩١.

### پەراوێزەکان:

١-خەڵاتەکە لەناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەخشرێتە باشترین گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس، کە کاروباری ڕۆژنامەوانی ئەنجام ئەدەن. (ڕەحمان&عبدالله،٢٠٢٤،ل١٣٤).
٢-دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، زانیاری لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA) و کۆشکی سپی بەتایبەتی کیسینجەر پێ گەیشت و بەو هۆیەوە بڕیاریدا لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکدا بەسەرۆکایەتی (ئۆتیس پایکOtis G. Pike) ی نوێنەری دیموکراتەکان لە نیویۆرک. لیژنەکە لە (١٩ی کانونی دووەمی١٩٧٦) ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی کۆنگریس کرد و پەردەی ڕاماڵی لەسەر شێوەی ئەو پەیوەندییانە و ڕەخنەی توندی لەکاربەدەستانی کۆشکی سپی گرت لەسەر ئەم پرسانەی پەیوەندییان هەبوو بەکاری نهێنی. بەتایبەتی لەم دەقەی کە تایبەت کرابوو بە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد. لیژنەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە:" ئەوانەی چەک و پارەیان لە ئەمریکا وەردەگرت[مەبەستی کوردەکانە]، کۆمەڵێکی ئێتنیکی ڕاپەریو بوون، کە بۆ ئۆتۆنۆمی شەڕیان دەکرد لە وڵاتێکدا[مەبەستی عێراقە] کە هاوسنووری وڵاتێکی هاوپەیمانمان بوو[مەبەستی ئێرانە]... ئەو بەڵگانە کە لەدەستی کۆمیتەدان، بەڕوونی دەریدەخەن کە سەرۆک کۆمار، دکتۆر کیسینجەر و وەزارەتی دەرەوە هیوای سەرکەوتنی کوردەکانیان نەدەخواست. ئەوان پێیان باشتر بوو کە کوردە ڕاپەریوەکان تەنیا تا ئەو ئاستە بەهێزبن کە دژایەتی (عێراق) بکەن و سەرچاوەکانی وڵاتی (عێراق) بەفیرۆ بدەن کە دراوسێی هاوپەیمانەکەمان بوو. ئەو سیاسەتەی ئێمە تەنانەت لە چوارچێوەی پرۆسەی نهێنیشدا کارێکی باش نەبوو". ئەمەش دانپێدادانێکی فەرمی بوو لە دامەزراوەیەکی باڵای ئەمریکا لەسەر پێشێلکردنی بنەما سیاسییەکانی پەیوەندییە نادەوڵەتیەکانی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهان بەگشتی.( Latham,1976, p. 84)


### سەرچاوەکان:

**▪بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان**

- House of Representatives, (2011), Camp Ashraf: Iraqi Obligations and State Department Accountability: Joint Hearing Before the Subcommittee on Oversight and Investigations and the Subcommittee on the Middle East and South Asia of the Committee on Foreign Affairs, House of Representatives, One Hundred Twelfth Congress, First Session, U.S. Goverment Printing Office, Washington, December 7.

**▪کتێبی بەڵگەنامەیی:**

-شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، ئامادەکردن و وەرگێرانی: وریا رەحمانی، تاران، ٢٠١٣.

**▪یاداشت:**

-هنري كيسنجر، سنوات التجديد(المجلد المستخلص لمذكراته)، ت: د.هشام الدجاني، ط2، السعودية، 2010.

**▪توێژینەوە زانستییەکان**

**بەزمانی کوردی**

- ڕەحمان، قارەمان حەیدەر&عبدالله، اسماعیل عبدالله.(٢٠٢٤)،ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا١٩٦١-١٩٦٨، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بگ(٢٨)، ژ(٣)، ١٥ تشرینی یەکەم.

- ویسی، کاروان صالح.(٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی شۆڕەشا ئەیلولێ د ڕۆژناما نیویۆرک تایمزدا(حوزەیرانا ١٩٦١–کانونا ئێکێ ١٩٧٠)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی(٢)، ژ(١).

## بەزمانی عەرەبی

- عبدالله، ثناء فؤاد.(1999)، أكراد أيران بين التصدع الداخلي و صيغة التوازنات الاقليمية، مجلة السياسة الدولية، القاهرة، ع(135)، كانون الثاني.

## بەزمانی ئینگلیزی

- Elis, Hadi. (2004). The Kurdish Demand for Statehood and the Future of Iraq, The Journal of Social, Political, and Economic Studies; Washington Vol. 29, Iss. 2, (Summer 2004): 191-209.
- Ivanov, Stanislav. (2023). The kurdish problem as a legacy of the versailles system of the world order. August, Scientific and Analytical Herald of IE RAS, 34(4):122- 131, doi: 10.15211/vestnikieran42023122131-
- Kohanyi, A. (2005). Turning Inward Versus Turning Outward: A Retrospective Study of the Childhoods of Creative Writers Versus Journalists. Creativity Research Journal, 17(4):309-320. doi: 10.1207/S15326934CRJ1704_2.
- Naumkin, Vitaliy. (2019). The Kurdish Conundrum of the Middle East (The Case of Iraq). Mirovaia ekonomika i mezhdunarodnye otnosheniia 63(5), pp.76-87 DOI: 10.20542/0131-2227-2019-63-5-76-87
- Shane, Donovan. (2006). Kurdistan: The Elusive Quest for Sovereignty. (Harvard International Relations Council, Inc), Vol, 28, Iss: 3.

## بەزمانی روسی

- Alexey, Sennikov. (2021). Американо-иракские отношения и курдский вопрос в 1972–1975 гг., ISSN 2411-2070, No 4(24), 36-43. doi: 10.25730/vsu.2070.21.049.
- Сенников А.И. (2017). Иракские курды в политике США в 1969-1976 гг. Вестник Вятского государственного университета, (10).

## کتێب

## بە زمانی کوردی

- شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، ئامادەکردن و وەرگێرانی: وریا رەحمانی، تاران، ٢٠١٣.
- عەدۆ، ئەسعەد.(٢٠٢١)، مێژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان ٢٦/٥/١٩٧٦، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان. هەولێر.

## بەزمانی عەرەبی

- صعب، جاد.(2021)، ربيع جديد (خريطة أنتفاضات أفريقيا و غرب أسيا 2018–2020)، ت: مروة الشريف و غسان بن خليفة،دار صفصافة للنشر و التوزيع والدراسات، مصر.
- فيدال، الان غريش دومينيك.(2010)، الابواب المائة للشرق الاوسط، ترجمة: ميشال كرم، دار الفارابي، بيروت.
- محمود، الفريق الركن صلاح عبود.(2016)، شركة دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، عمان.

## بەزمانی ئینگلیزی

- Bingham, Jane. (2013), Living through the Gulf wars with Iraq, London: Raintree.
- Bulloch, John& Morris, Harvey. (1992), No friends but the mountains: the tragic history of the Kurds, New York: Oxford University Press.
- Hiltermann, Joost R. (2007), A poisonous affair: America, Iraq, and the gassing of Halabja, New York, NY: Cambridge University Press.
- Lando, Barry. (2007), Web of deceit: the history of Western complicity in Iraq, from Churchill to Kennedy to George W. Bush, New York.
- Safire, W. (2005). Before the Fall: An Inside View of the Pre-Watergate White House (1st ed.). Routledge. ttps://doi.org/10.4324/9781351314602.
- Safire, William. (2001). Let a simile be your umbrella. New York.
- Safire, William. (2008). Safire's Political Dictionary. New York, Oxford University Press.
- Safire, William. (1975), Before the fall: an inside view of the pre-Watergate White House, New York.
- Simpson, John. (2003), The Wars Against Saddam: Taking the Hard Road to Baghdad, London.

## ڕۆژنامەکان

- **The New York Times**
- Bernard Gwertzman, Kissinger Assails Report by Pike as ‘Malicious Lie’ Charges That House Intelligence Panel Produced a ‘Distorted’ Document—Ford Offers to Investigate Leak, February 13, 1976.
- Books of The Times; End Papers, June 18, 1964.

- Browne, Malcolm W. (1988), IDEAS & TRENDS: Chemical Weapons; 'Poor Man's Atomic Bomb' Is Once Again Used in Battle, April 17, Section 4.
- COLUMN BY SAFIRE ON KURDS ASSAILED, February 6, 1976.
- Cowell, Alan.(1988),IRAN CHARGES IRAQ WITH GAS ATTACK, March 24.
- Elaine, Sciolino.(1988), Kurdish Chief Gains Support In U.S. Visit, June 22, Section A.
- Kingson, Jennifer A. (1988), Victims of Gulf War Treated at Queens Hospital, April 6.
- Letters to the Editor, February 17, 1976.
- Pace, Eric. (1975), Leader of Kurdish Revolt Says That Fighting in Iraq Is Ended, 23 March.
- Safire, William. (1973), Openers, April 16, 1973.
- Safire, William. (1976), Of Kurds and Conscience, December 13.
- Safire, William. (1977), Of Kurds and Kissinger, Carter and Conscience, December 19.
- Safire, William. (1977), Of Kurds and Kissinger, Carter and Conscience, December 19.
- Safire, William. (1978), Silence is Guilt, April 24, Section A.
- Kihss, Peter. (1978), 3 on The Times Get Pulitzer Prizes; Philadelphia Inquirer Wins Award', April 18.
- Safire, William. (1979), ESSAY 'Forward to Death', March 12, Section A.
- Safire, William. (1979), ESSAY, September 20.
- Safire, William, (1980), On Language; Neatness Counts Watch Your Baggage Rule in, March 30, 1980, Section T.
- Safire, William. (1988), ESSAY; Stop the Iraqi Murder of the Kurds, September 5, Section 1.
- Safire, W. (1988), On Language; Fewer Bursts, Less Bursting, March 27, Section 6
- Safire, William. (1991) E ssay; The Kurds' Dilemma, September 12, Section A, Page 25.
- Safire, William. (1991), ESSAY; Bush's Bay of Pigs, April 4, Section A,
- Safire, William. (1991), Essay; Duty to Intervene, April 15, Section A.
- Safire, William. (1991), ESSAY; Follow the Kurds to Save Iraq, March 28, Section A,
- Safire, William. (1991), Essay; To Protect the Kurds, June 24, Section A.
- Trainor, Bernard E. (1988), Chemical War: Threat in Third World? August 5, Section A.

● **The village Voice**

- Latham, Aaron. (1976), Report The President Does Not Want You to Read, Introduction to the Pike Papers, Vol. XXI, No.7، February 16.

**پێگەی ئەلکترۆنی**

**بەزمانی ئینگلیزی**

- McFadden, Robert. (2009), William Safire, Political Columnist and Oracle of Language, Sept. 27. ttps://www.nytimes.com/2009/09/28/us/28safire.html.
- Dowd, Maureen.(2009), Opinion On Safire, Sept. 29. https://www.nytimes.com/2009/09/30/opinion/30dowd.html.
- Kenneth J. Davis.(2009), Opinion Letter William Safire's Legacy, Sept. 28. https://www.nytimes.com/2009/09/29/opinion/l29safire.html.
- بەزمانی روسی
- Сенников, А. И. (2019). Курдский вопрос в контексте ближневосточной политики администрации Р. Рейгана в 1981-1987 гг. Россия и Америка в XXI веке, (3), 11-11. https://www.elibrary.ru/item.asp?id=43130767.

**النشاط الصحفي لويليام سفير حول السياسة الأمريكية تجاه الأكراد(1976-1991)**

**قارمان حيدر رحمان**
قسم التاريخ,كلية الاداب,جامعة صلاح الدين-أربيل,إقليم كوردستان,العراق
Qaraman.rahman@su.edu.krd

**الملخص**
لقد كان لجهود الصحفيين الأميركيين البارزين بشأن القضية الكردية، منذ انهيار الثورة الكردية في العراق عام 1975 وحتى الهجرة الجماعية للأكراد في ربيع عام 1991، أثر إيجابي في تغيير سياسة البيت الأبيض المترددة تجاه الأكراد. كان ويليام سفير كاتبًا مؤثرًا في صحيفة نيويورك تايمز، حيث غطى القضية الكردية وحلل السياسة الخارجية الأمريكية بعمق. وقد ساهمت جهوده في تغيير موقف الحكومة الأميركية، مما أدى إلى اعتماد مجلس الأمن الدولي القرار رقم 688 في عام 1991، والذي ضمن حماية الشعب الكردي من خلال إنشاء منطقة حظر جوي في العراق. يتألف البحث المعنون بـ (النشاطات الصحفية لوليام سفير حول السياسة الأمريكية تجاه الأكراد 1976-1991) من مقدمة ومبحثين. يتناول المبحث الأول سيرة سافير الشخصية ويركز الموضوع الثاني على موقف سافير من أبرز الأحداث في جنوب كردستان، بما في ذلك انهيار الثورة الكردية في عام 1975، والثورة الكردية الجديدة , و عملية الإبادة الجماعية التي شنتها الدولة العراقية ضد الأكراد في عام 1988، وانتفاضة الشعب الكوردى فى كوردستان ربيع١٩٩١.
**الكلمات المفتاحية:** سافير، كرد ، نيويورك تايمز، صحيفة، أمريكا.

**William Safir's Journalistic Work on US Policy toward the Kurds (1976-1991)**

**Qaraman Haidar Rahman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Qaraman.rahman@su.edu.krd

**Abstract**
The efforts of prominent American journalists on the Kurdish issue, from the collapse of the Kurdish revolution in Iraq in 1975 until the mass exodus of Kurds in the spring of 1991, had a positive impact on changing the White House's hesitant policy toward the Kurds. William Safir was an influential writer for the New York Times, covering the Kurdish issue and analyzing American foreign policy in depth. His efforts contributed to a change in the US government's position, leading to the adoption of UN Security Council Resolution 688 in 1991, which guaranteed the protection of the Kurdish people by establishing a no-fly zone over Iraq. The research, entitled "William Safir's Journalistic Activities on US Policy Toward the Kurds 1976-1991," consists of an introduction and two chapters. The first deals with Safir's personal biography, and the second focuses on Safir's position on key events in southern Kurdistan, including the collapse of the Kurdish revolution in 1975, the new Kurdish revolution, and the genocide.
**Keywords:** Safire, Kurd, New York Times, Newspaper, America